# وەلامی كردەوەی تیرۆریستانەی هەلە بجە، دەرپەڕاندنی ئیسلامی سیاسییە لە كوردستاندا!

ئەمڕۆ 21ی حوزەیران لەشاری هەلە بجە كیمیایی بارانكراو، لەشاری هەلە بجەی ئەسیری ئیسلامی سیاسی بۆ چەندین ساڵ، لە شاری هەلە بجەی تاوانكاری خێلی حەمە، لەشاری هەلە بجەی بۆمبارانكراوی ساڵی 1974، لەكردەوەیەكی تیرۆریستیدا، بەرپرسێكی یەكێتی نیشتمانی كوردستان بە ناوی "ئەنوەری حاجی عوسمان"و سێ لە حمایەكانی بەهۆی ئۆتۆمۆبیلێكی بۆمب ڕێژكراوەوە، تیرۆركران. ناوبراو دو برای لەگەل "شەوكەتی حاجی موشیر"دا تیرۆركراون.

لەسایەی هەلومەرجی سیاسی ئەمڕۆی عێراقداو لەسایەی داگیركاری ئەمەریكاو دەسەلات بەدەستانی ئیسلامی سیاسیو جەنگی تیرۆریستی ڕۆژانەدا، كوردستان لەبەردەم تێوە گلانی ئەم جەنگە تیرۆریستیانەدا پەل دەكوتێ. تا ئێستا سلێمانیو ناوچەكانی دەوروبەری لەم كردەوە تیرۆریستیانە بەدووربون بەلاّم ئەم كردەوەیە نیشانیدا، كە شاری سلێمانی هەروا نامینێتەوە. ئیسلامی سیاسی لە كوردستان، بێ بناغەو بێ پایەگایی جەماوەرییە، ئەوەی ئیسلامی سیاسی كردە هێزیكو ناوچەكانی هەورامانو هەلە بجەی خستە ژێر ڕكێفیانەوە، شەڕی ناوخۆی نیوان هەردوو حزبی ناسیونالیزمی كوردبوو، پێش لەشكری بۆ جمهوری ئیسلامی ئێرانو بەهیزكردنی ئەم هێزانە لە پیناو شكاندنی هیزی بەرانبەردا بوو. بەلاّم ئەمڕۆ لەسایەی داكیركاری ئەمەریكاو هەروەها هاوكاری بێ دریغی ناسیونالیزمی كوردو حزبە دەسەلاتدارەكانی بۆ سیاسەتو كردەوەكانی ئەمەریكا، كوردستانو خەلكەكەی بۆتە ئاما نجێكی كارە تیرۆریستیەكانی هێزەكانی ئیسلامی سیاسی. ئەوەتا لەشاری هەولێر تەقینەوەی ئۆتۆمۆبیل بۆتە مۆدیلو تا ئێستا چەندین كارەساتی ئینسانی بەدوای خۆیدا هێناوە، ئەمڕۆش شاری هەلە بجەی گرتەوە، شاریك كە بۆماوەی 10ساڵە ئەسیری ئیسلامی سیاسی بوو، شارێك كە تا ئێستا زامو خەمەكانی كیمیایی بارانەكەی لە یادی هەموو كەسێكدا باقییە.

ڕیكخراوی كوردستانی حزبی كۆمۆنیستی كرێكاریی عێراق ئەم كردەوە تیرۆریستییە مەحكوم دەكاتو لەهەمان كاتدا بانگەوازی خەلكی كوردستان دەكات بۆ هەلپێچانی تیرۆریستانی ئیسلامی سیاسی. ئەم هێزانە لە دەسەلاتدابن وەكو لە شاری بەغدا هەن، یان لە پەرلەمان وەكو لە كوردستاندا یان ئۆپۆزیسیون بن، ناتوانن تیرۆریست نەبن، تیرۆر ناوەرۆكی بەرنامەی تەواوی هیزەكانی ئیسلامی سیاسی پێك دەهێنیت لە هەركوێیەكی دنیا هەبن. لەهەمانكاتدا تاكو ئەحزابی دەسەلاتداری كورد سیاسەتی خۆیان گرێ دابێتەوە بە سیاسەتەكانی ئەمەریكاو ئیسلامی سیاسییەوە لە چوارچێوەی عێراقدا، ئەوا بێ گومان ئاگری تیرۆر كوردستانیش دەگرێتەوە، پاش ئەوەی كە ئێستا پریشكی تیرۆری بەركەوتوە. بۆ دورخستنەوەی خەلكی كوردستان، بۆ پاریزگاری لە ئاستێك لە ئەمنیەتو ئارامی كە لەكوردستاندا هەیە، وە بۆ دورخستنەوەی خەلكی كوردستانو عێراق لە شەری قەومی، وەلامی گونجاو جیابونەوەی كوردستانو پێكهێنانی دەولەتێكی عەلمانیو نا قەومییە.

**ڕێكخراوی كوردستان**

**حزبی كۆمۆنیستی كرێكاریی عێراق**

2005/6/21